# سوور

بەرزان هەستیار
مارتی2004
ئەڵمانیا/کۆلن

bhastiar@yahoo.de

جێ دارەکانی مامۆستا،سوور
گلێنەکانی دوای گریان ،سوور
ڕەنگی ڕووخساری دوای درۆکردنم، سوور
کەمنداڵییش شەقی مزری خۆی تێ هەڵدام و
هەرزەکاریی بە ئەمانەت
لە لای خۆی گلی دامەوە
لە دامێنی نامەکاندا
وێنەی دڵێکم ئەکردو
دوو دڵۆپ خوێن
لە دامێنی نامەکانیا
جێ لێوی سوور
لە شەرما سوور هەڵئەگەڕێین و
لە تەریقییدا هەر سوورو
لە تووڕە بوونیشا سوور
چ سرڕێکەو چ سیحرێکە سوور
خوێنی شەهید سوور
کفنی شەهید سوور
خوێنی خائین سوور
خوێنی جەللاد سوور
خوێنی پشیلە سوورو
خوێنی چۆلەکە سوور

خوێنی خوێن سوور

سوور سوور سوور

دیواری ژووری زیندان سوور

گڵۆپی مەلهاکان سوور

فەرشی بەرپێی سەرۆکەکان سوور

شەوی پەردە سوور

هێڵی سنوورەکان سوور

چاوی پۆلیسەکان سوور

ڕوومەتی منداڵ سوور

کوڵمی بووکان سوور

ڕەنگی گێلاس سوور

گوڵاڵە سوورە ، سوور ؛

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ناوێ

سوور ئەزانم جاسووسە ، جاسووس

لە گڵۆپی سفری ژووری نووستنەکەمەوە

ئەچێتە سەر دیوارەکانی ژووری تەعزیب

من بۆیە ڕەنگی سوورم خۆش ناوێ

بەیانیان لای شەهید ئەڕژێ و

نیوەڕوان لای خائین پیس ئەبێ و

ئێواران لای جەللاد هەڵئەچێ

سوور سوور سوور

سوورە چنارو

سوورە گوڵ و

سوورە ماسی ووووووووووو

ژیان کەونە سندووقێکە

پڕ لە نهێنیی و گوللەی سوور

جەسووریی ئەوێ بتەوێ بیکەیتەوەو

سوور بشزانی هەموو گیانت

خەڵتانی سوور ئەبێ ،سووووووووووور